٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوكاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە دانیال ٧، ٨، ٩ ، ١٢ . باشترین شێوازی ڕاست بەكاربهێنە و تێبینیەكانت بنوسەوە .
٤- لەبەرکردن : ڕۆما ١٣: ١٤ . ڕۆژانە پێداچوونەوە بكە بۆ دواییین ئەو پێنج ئایەتەی لەبەرتکردوون .
٥- وانەی کتێبی پیرۆز . وانەی داهاتووی کتێبی پیرۆز ئامادە بكە لە ماڵەوە : ڕۆما 15: 1- ٣٣. ئەو پێنج ڕێگەیەی لێکۆڵینەوەی کتێبی پیرۆز بەکار بهێنەو و سودیان لێ ببینە. تێبینیەکانت بنوسەوە .
٦- نوێژ. نوێژ بكە بۆ كەسێكی دیاریكراو یان شتێكی دیاریكراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بكە خودا چی دەكات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە .

وانەی (٤٦)

١	نوێژ

ڕابەری کۆمەڵەکە : نوێژ بكەو کۆمەڵەکەت وئەم پرۆگرامی ڕاهێنانە تەرخان بكە تایبەت بە مزگێنیدان و بانگەوازی شانشینی خودا .

٢	بەشداریکردن (٢٠ خولەك) حەزقیال

بە نۆرە بەشداری بكەن و پەڕاوی تایبەتی خەڵوەتی ڕۆحیتان **بخوێننەوە** ئەوەی فێری بوون لە خەڵوەت و تێڕامانەکانتان لەو بەشە دیاریکراوەی کتێبی پیرۆز (دانیال ٧، ٨ ، ٩ ، ١٢)
گوێ بگرن لە ئەو کەسەی بەشداری دەکات ، بەشێوەیەك مامەڵەی لەگەڵ بكەن هەست بکات ئەوەی دەیڵێ جێی بایەخی ئێوەیە ، پێشوازی

لێبکەن . مشتومڕی لەگەڵ مەکەن لەو بابەتەی بەشداری پێدەکات ، تەنها تێبینیەکانت بنوسەوە .

٣	لەبەرکردن (٥خولەك) ڕۆما ١٣: ١٤

بە شێوەی گروپی دوانەیی (دوو باوەڕدار پێکەوە **پێداچونەوە** بکەن ، بۆ ڕۆما ١٣: ١٤ .

٤	فێرکردن (٨٥ خولەك) ڕۆما ١٥: ١- ٣٣

پێشەکی : ڕۆما ١٥: ١- ٦ بەردەوام دەبێت لە فێرکردن سەبارەت بە ئەرکی باوەڕدارە لاوازەکان و بەهێزەکان ، وە ڕۆما ١٥: ٧- ١٣ دەبارەی ئەرکی باوەڕدار سەبارەت بە نەتەوەو نەژادەکانی دیکە ، وە ڕۆما ١٥: ١٤- ٣٣ دەربارەی خزمەتەکەی پۆڵس وسیاسەتی لەمامەڵەکردن لەگەڵ شتەکان و پلانەکانی ئایندەی .

هەنگاوی ١: بخوێنەوە . وشەی خودا
پێکەوە ڕۆما ١٥: ١- ٣٣ **دەخوێنینەوە** .
بە نۆرە هەر کەسێ ئایەتێك بخوێنێتەوە تا هەموو ئایەتەکان بە تەواوی دەخوێنینەوە .

هەنگاوی ٢: ئاشکرای بکە. تێبینیەکان
بیرکەوە . ئەو ڕاستیە کامەیە پێت وایە گرنگە بەلاتەوە سەبارەت بە خۆت لەم ئایەتانەدا ؟ یان لە کۆی گشتی ئەم ئایەتانە کام ڕاستیە چووە ناو هۆش و دڵتەوە ؟
بنوسە . یەك یان دوو ڕاستی ئاشکرا بکە کە تێگەیشتووی لێی . بیریان لێبکەوە و بیرۆکەکانت بنوسە لە پەڕاوەکەتدا .

بەشداری بکە. (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، بە نۆرە بیرۆکەکانتان بەشداری پێبکەن).
هەریەکێکمان بەشداری دەکەین لەو شتانەی کە ئاشکرا کران لەلایەن ئەندامانەوە .
(لەیادت بێت لەهەر کۆمەڵەیەکی بچوکدا ، ئەندامانی کۆمەڵەکە بە شێوەیەکی جیاواز بەشداری دەکەن).

ڕۆما 15: ١- 6

<u>ئاشکراکردنی ١: دەبێت باوەڕدارانی بەرگەی کەموکوڕی و لاوازی باوەڕدارە لاوازەکان بگرن .</u>

پۆڵس بەردەوام دەبێت لەباسکردنی باوەڕی باوەڕداران ئەوەی ناودەبرێ بە لاوازی یان هێز لەم چوارچێوەدا پۆڵس مەبەستی نیە لەباوەڕ وەکو باوەڕ بە عیسای مەسیح و تایبەت بە ڕزگاریی بەڵکو مەبەستی کار و بۆچوون وبیروڕای کەسێتی باوەڕدارانە .

أ. دەبێت باوەڕداران هەوڵ بدەن نزیکەکانیان بۆ چاکە ڕازی بکەن لە پێناوی بونیادنان . واتای ڕازیکردن ئەوەیە بە دڵنەرمی و ئامادەباشی هەرچیەك چاکەیە بۆ لاوازەکان کاری پێبکرێت وە بەرگەی لاوازیەکانیان بگیرێت بەڵام نابێت بەو شێوەیە ڕاڤەی ڕازیکردن بکرێت وەك ئەوەی هەموو حەزو ئارەزوەکانیان بسەپێنن بەسەر باوەڕدارانی دیکەدا یاخود هەرچیەك لاوەزەکان پێیان خۆش بوو ئەوە بکرێت چونکە واتای ڕازیکردن لێرەدا تەنها بۆ ئەو بابەتانەیە کە جێگەی مشتومڕن وجیاوازین وەکو بابەتی خواردن وخواردنەوە نەك ئەو شاتەنی کە کتێبی پیرۆز فێرکردنی ڕوونی لەبارەوە پێشکەش کردوون گەڵاتیە ١: ١٠ ؛ ١کۆرنسۆس ١٠: ٣١ ، ٣٣ .

ب. دەبێت باوەڕداران شوێنی نمونەکانی عیسا بکەون لە خۆشەویستی خۆنەویستانە .

کاتێ عیسای مەسیح هات بۆ سەرزەوی بەرگەی دژایەتی و ئەوانەی گرت کە خودایان ڕەت کردەوە بڕوانە یۆحەنا ١٠: ٢٠ ؛ مەتا ١٠: ٢٤- ٢٥ ، بۆیە دەبێت باوەڕداران بەهەمان ڕێچکەی عیسادا بڕۆن وبەرگەی لاوازی براوخوشکە باوەڕداراەکانیان بگرن لە بیروڕای جیاواز تایبەت بە ئەو شتانەی جێگەی مشتومڕ وجیاوازین . بڕوانە زەبور ٦٩ : ٩ ؛
١کۆرنسۆس ١٠: ٦ ، ١١؛ ٢تیمۆساوس ٣: ١٦- ١٧ ؛ ڕۆما ١٥: ٤- ٥ .

ڕۆما ١٥: ٧- ١٣

ئاشکراکردنی ٢: دەبێت جولەکەو نەتەوەکان پێشوازی لەیەکتری بکەن ، چونکە عیسای مەسیح هات بۆ ڕزگارکردنی جولەکەو نەتەوەکان.

ڕۆما ١٥: ٧- ٩ " بۆیە پێشوازی لە یەکتری بکەن، هەر وەك مەسیح پێشوازی لێکردین ، بۆ شکۆمەندی خودا. من پێتان دەڵێم، مەسیح لەبەر ڕاستی خودا بوو بە خزمەتکاری جولەکەکان ، تاکو ئەو بەڵێنانەی بۆ باوکانە بیانچەسپێنێت، لەبەر ئەوەی خودا بە بەزەییە نەتەوەکانیش ستایشی خودا دەکەن، وەك نووسراوە:
لەبەر ئەوە لەنێو نەتەوەکاندا ستایشت دەکەم،
گۆرانی ستایش بۆ ناوت دەڵێم. " هۆکاری سەرەکی کە دەبێت جولەکەو نەتەوەکان پێشوازی لەیەکتری بکەن ئەوەیە عیسای مەسیح هات بۆ ئامانجێکی ڕوون ئەویش ڕزگارکردنی جولەکەو نەتەوەکان .

أ. عیسای مەسیح هات لەپێناوی جولەکەدا .

وەرگێڕانی وشەبەندی بۆ ڕۆما ١٥: ٨ ئەوەیە کە عیسا بوە خزمەتکاری خەتەنەکراوان واتە بوە خزمەتکاری خەتەنەکراوەکانی نێو خەڵکی ڕۆما ٤: ١٢ ئەمەش ئاماژەیەکە بۆ ئیسرائیل وەکو جەستە واتە نەژاد ونەتەوەی ئیسرائیل . بڕوانە عیبرانیەکان ٦: ١٦- ١٨ ؛ پەیدابوون ٢٢: ١٨ ؛ پەیدابوون ١٧: ١- ٢١ ؛ ڕۆما ٤: ١١ ؛ مەتا ٢٦: ٥٤ ؛ مەتا ١٥: ٢٤ ؛ یۆحەنا ٤: ٢٢ ؛ مەتا ٢٤: ١٤ ؛ ٢٨: ١٩ ؛ ئیشایا ٢: ٢- ٣ .

ب. عیسا هات لەپێناوی نەتەوەکاندا .

عیسا هات لەپێناوی جولەکە بەڵام نەك تەنها جولەکە بەڵکو هەروەها نەتەوەکانیش بڕوانە ئیشایا ٤٢: ٦ ؛ ٤٩: ٦ . هەروەها بڕوانە ڕۆما ١٥: ١٢- ١٣ ؛ عیبرانیەکان ١١: ١ .

هەنگاوی ٣: پرسیار . ڕونکردنەوە

بیربکەوە : حەز دەکەی کام پرسیارە بخەیتە ڕوو بۆ کۆمەڵەکە لەبارەی ئەم بەشەی کتێبی پیرۆز؟ باشترە هەوڵ بدەین هەموو ئەو ڕاستیانەی ڕاگەیەنراون لە ڕۆما 15: ١- 33 تێ بگەین ، وە ئەو شتانەی تا ئێستا لێی تێنەگەیشتووین پرسیاری لەبارەوە بکەین.

بنوسە: وریا بە لە شێوازی پرسیارەکەت هەوڵ بدە ڕوون بێت ، دواتر پرسیارەکەت لە پەڕاوەکەتدا بنوسەوە.

بەشداری بکە : (دوای ئەوەی ئەندامان کاتێك بەسەردەبەن لە بیرکردنەوەو نوسینەوە ، یەکەمجار داوا لە هەر یەکێکیان بکە پرسیارەکانیان بخەنە ڕوو).

گفتوگۆ بکە : (دوای ئەوە ، هەندێ پرسیار هەڵبژێرە وە هەوڵ بدە لە ڕێگەی گفتوگۆکردنەوە بە یەکسانی لەگەڵ کۆمەڵەکەتدا وەڵامی بدەوە). (ئەمانەی خوارەوەش نموونەن بۆ هەندێ پرسیار ڕەنگە ئەندامانی کۆمەڵەکە بیخەنە ڕوو، وە هەندێ تێبینی بەسودن بۆ بەڕێوەبردنی گفتوگۆکردن سەبارەت بە پرسیارەکان).

ڕۆما 15: 14- 19

<u>پرسیاری</u> ١ : <u>هەندێ لەو بنەماو نیشانانە کامانەن پێناسەن بۆ خزمەتەکەی پۆڵسی نێردراو ؟</u>

تێبینیەکان .

لەنێوان ئەو شتانەدا کە پێناسەی خزمەتەکەی پۆڵس دەکەن ئازایەتی (هاندان) و یادهێنانەوەو ساکاری یە .

أ. پۆڵسی هاندەر ڕۆما ١٥: ١٤ .

پۆڵسی نێردراو وەکو کەسایەتی خۆی پێناسە دەکرێت بە خاڵی هێز ، وە ئەم خاڵی هێز وتوانایە لە باوەڕدارانی دیکەشدا دەبینرێنەوە . بۆیە لەبری ئەوەی ڕەخنە بگیرێت لە خاڵی لاوازی وشکستی لاوازەکان دەبێت هانیان بدرێت بە ئاماژەی خاڵە هێزەکان و دەستکەوتەکانیان ! ڕۆما ١٥: ١٤ ، وەك چۆن پێیان دەڵێت " ئێوە پڕن لە چاکە، پڕن لە زانیاری، تواناتان هەیە ئامۆژگاری یەکتری بکەن " ، چاکە پێچەوانەی خراپەیە .

زانیاری تێگەیشتنە لە باوەڕی مەسیح و گرێدراوە بە فێرکردنەکانی باوەڕی مەسیح بۆ خەڵکی دیکە ، بەشێوەیەکی تایبەت زانیاری ئاماژەیە بۆ چۆنیەتی ئەوەی سێبەر بوو لە پەیمانی کۆندا و ڕاستی بوو هاتە دی لە پەیامنی نوێدا لەڕێگەی عیسای مەسیح کۆلۆسی ٢: ١٧ ؛ عیبرانیەکان ١٠: ١ ئیدی بەم شێوەیە بڕوانە ڕۆما ١٤: ١- ١٥: ١٣ .

توانای ئامۆژگاری یەکتر ، کاریگەریەکی بەهێزی هەیە لە قۆناغی نێو گەلی کڵێسادا واتای فێرکردن ئەوەیە شتێك بخەیتە نێو بیروهۆشی کەسێکی دیکە .

ب. پۆڵسی یادهێنەرەوە ڕۆما ١٥: ١٥- ١٦ .

پۆڵسی نێردراو یادی باوەڕدارانی ڕۆمای هێنایەوەو ووتی : " بەڵام دەربارەی هەندێك خاڵ ئازایانەتر بۆم نووسیون، وەك بەیادهێنانەوەتان، لەبەر ئەو نیعمەتەی خودا پێیداوم، تاکو ببمە خزمەتکاری عیسای مەسیح بۆ نەتەوەکان، وەك کاهین لە ئەرکی ڕاگەیاندنی مزگێنی خودا، تاکو قوربانی نەتەوەکان پەسەندکراو بێت، بە ڕۆحی پیرۆز پیرۆزکراو بێت. " پێش زیاتر لە حەوت سەد ساڵ لەسەردەمی نوسینەوەی نامەکەی پۆڵس ، ئیشایا پێشبینی کرد کە خودا پاشماوەی ئیسرائیل دەنێرێ بۆ نەتەوەکان ئەوانەی گوێبیستی ناوی خوداو کارەکانی نەبوون و شکۆمەندیەکەیان

نەبینیوە ئیشایا ٦٦: ١٩- ٢١ . ئیدی ئەو جولەکانە شکۆی خودا ڕادەگەیەنن بۆ نەتەوەکان وە نەتەوەکانیش ڕابەرایەتی جولەکەکانی دیکە دەکەن بەرەو خوداوەند ! بەمەش ئەوە ڕوون دەبێتەوە کە پێغەمبەر ئیشایا جولەکە و نەتەوەکان دەبینێت کە هاوکاری یەکتر دەکەن بۆ هاتن بۆلای خودای زیندوو وەك چۆن پۆڵسی نێردراو ڕایگەیاند لە ڕۆما ١١.

ج. پۆڵس خزمەتکارێکی ساکارە ڕۆما ١٥: ١٧- ١٩ .

پۆڵس خۆی دانا بە یەکێك لە جولەکەکان و خودا ناردویەتی بۆ ڕاگەیاندنی ناو و شکۆمەندیەکەی بۆ ناجولەکەکان (نەتەوەکان) وەکو چۆن ئیشایای پێغەمبەر پێشبینی کردبوو بڕوانە ئایەتی ١٨ " ناوێرم باسی شتێك بکەم جگە لەوەی مەسیح بۆ گوێڕایەڵبوونی نەتەوەکان بۆ خودا لە ڕێگەی منەوە ئەنجامی داوە، بە وتە و کردار " ئەوەی پۆڵس کردی و بەدەستی هێنا لەڕێگەی مەسیحەوە گرنگ نەبوو بەڵام ئەوەی عیسای مەسیح کردی لەڕێگەی پۆڵسەوە گرنگ بوو ! چونکە مزگێنی دان بە ئینجیل و ڕابەرایەتی کردنی زۆرینە بەرەو عیسای مەسیح کاری مەسیحە نەك کاری پۆڵس ! بڕوانە ٢کۆرنسۆس ١٢: ١٢ ؛ گەڵاتیە ٣: ٥ ؛ عیبرانیەکان ٢: ٤ ؛ ٢کۆرنسۆس ١٢: ١٢ ؛ ڕۆما ٨: ٩- ١١ ؛ ٢کۆرنسۆس ٣: ١٧- ١٨ ؛ ڕۆما ١٥: ٣٠ ؛ ئەفەسۆس ٤: ٣- ٦ .

ڕۆما ١٥: ١٩- ٢١

پرسیاری ٢: سیاسەتی پۆڵس چۆن بوو لە خزمەتەکەیدا وەکو نێردراو ؟ تێبینیەکان .

أ. پۆڵس پوختەی ئەوەی بەدیهێنا دەخاتە ڕوو .

پۆڵسی نێردراو مزگێنی ئینجیلی ڕاگەیاند " لە ئۆرشەلیم و دەوروپشتی تاکو ئیللیریکوم." بەم وشانەی پێناسەی سنوری ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوای خزمەتەکەی دەکات لە ڕاگەیاندنی مزگێنی بڕوانە ٢تیمۆساوس ٤: ١٠ کە دەڵێت : مزگێنی دان بە ئینجیلی مەسیح تەواو کرا ، لێرەدا پۆڵسی نێردراو مەبەستی ئەوە نیە لەوشەی تەواوکرا ئەوەی فێرکردوون کە

پێویستیان پێی هەبوە وەکو زانیاری وەك چۆن کردی لە ئەفەسۆس ، کردار ٢٠: ٢٠ ، ٢٧ بەڵکو مەبەستی ئەوەیە ئەرکی مزگێنی دان بە ئینجیل بە تەواوی جێبەجێکراوە لەو ناوچەیەدا ، ١کۆرنسۆس ٣: ٧ ، ١٠ ئەمەشی کرد .

ب. پۆڵسی نێردراو شرۆڤەی سیاسەتە تایبەتەکەی دەکات لە خزمەتی نێردراوێتیدا .

پۆڵسی نێردراو دەڵێت : "بۆیە ئامانجی بەرزم بوو کە مزگێنی بدەم، نەك لەو شوێنەی ناوی مەسیحی تێدا هێنرابوو، تاکو لەسەر بناغەی یەکێکی دیکە بنیاد نەنێم " سیاسەتی پۆڵس ئەوە بوو سنورو بواری خزمەتەکەی بەشێوەیەك بێت بناغەی کڵێسای مەسیح دابمەزرێنێت وە پشتگیری لەوە بکات کە پێشتر کردوویەتی لەڕێگەی سەردانە کەسێتیەکانی و ناردنی نامەکانی و ناردنی ئەو کەسانەی بەشداری خزمەتەکەی بوون . بەڵام لەو شارانەدا کە پێشتر کەس بۆی نەچوون ، پۆڵس لێوەرگرتنەوە دەکات لە ئیشایا ٥٢: ١٥ وە ئەم پێشبینیەش سەبارەت بەکاریگەری شکۆمەندی مەسیا دوای ساکاریەکەی لەسەر ئاستی جیهان ئیشایا ٥٢: ١٤ . ئەمە سیاسەتەکانی بوو لە خزمەتی مزگێنی ئینجیل و سیاسەتی نێردراوێتی و ناردنی هەموو نێردراوەکانی تر .

ڕۆما ١٥: ٢٢- ٢٤ پرسیاری ٣: پلانی پۆڵس چی بوو تایبەت بە گەشتەکانی لە ئایندەدا ؟

تێبینیەکان .

لەڕاستیدا پۆڵسی نێردراو پێش هەموو شتێك ڕۆیشت بۆ ئەو وڵات وشارانەی کە مزگێنی تێدا نەدرابوو ئەوەش هۆکار بوو لە نەچوونی بۆ ڕۆما بەڵام ئێستا و دوای تەواوکردنی کارەکەی لەم بەشەی جیهاندا ، پلانی دانا بۆ سەردانی کردنی ڕۆما و ئیدی بەڕێوەیە بەرەو ڕۆژئاوا . پلانی پۆڵس بۆ ئیسپانیا بەدڵنیاییەوە بوو ، چونکە نامەکەی بۆ کۆرنسۆسیەکان کە نوسی بۆ کلیمندس و چەند بەڵێننامەیەکی دیکەی کۆنی باسی ئەوە دەکەن کە پۆڵس بەدڵنیاییەوە گەشتی کردوە بۆ ئیسپانیا ، پۆڵس

پلانی دادەنا بۆ سەردانی کردنی ڕۆما لەکاتێکدا بەڕێوە بوە بۆ ئیسپانیا ، ئەو هیوای وابوو خزمەت بکات لە ڕۆما و هاوکاری بکرێت لەگەشتەکەی بۆ ئیسپانیا وە بەڵگەی دیکە هەن لە کتێبی پیرۆزدا کە کڵێسای دیکە هەبوون هاوکاری پۆڵسیان دەکرد لە گەشتەکانیدا بۆ مزگێنیدان ، کردار ١٣: ١- ٤ ؛ ١٤: ٢٦؛ ١٥: ٤٠ ؛ فیلیپی ٤: ١٥- ١٦ .

ڕۆما ١٥: ٢٥- ٢٩

پرسیاری ٤ : ئەو خزمەتەی پۆڵس کامەبوو کە ئاراستەی هەژارەکانی ئۆرشالیمی کرد ؟

تێبینیەکان .

پێش ئەوەی گەشت بکات بۆ ڕۆما و ئیسپانیا ، پلانی دانا لە پێشدا گەشت بکات بۆ ئۆرشالیم و لەگەڵ خۆیدا بەخشینی دارایی ببات و پێشکەشی بکات ئەوەی کڵێسای مەکەدۆنیاو ئەخائیە پێشکەشیان کردبوو بۆ هەژارەکانی ئۆرشالیم و یەهودیا . بڕوانە ڕۆما ١٥: ٢٧ دەبێت باوەڕداران لە هەموو جیهاندا پێکەوە بەشداری یەکتر بکەن لە بەرەکەتی ڕۆحی و ماددی . بڕوانە ئیشایا ٢: ٣ ؛ ١١: ١ ؛ ٤٢: ١ ؛ ٦٠: ٣ ؛ یۆحەنا ٤: ٢٢ ؛ ڕۆما ١٥: ٢٨ " بۆیە، کاتێك ئەمەم تەواو کرد و ئەم بەرهەمەم بۆ مۆرکردن ، بەرەو ئیسپانیا بەلاتاندا تێدەپەڕم " .

ڕۆما ١٥: ٣٠- ٣٣

پرسیاری ٥: بۆچی پۆڵسی نێردراو داوای نوێژی کرد لە پێناویدا ؟

تێبینیەکان .

پۆڵسی نێردراو لە ڕۆما ١٥: ٣٠ دا دەڵێت "ئێستاش ئەی خوشك و برایان لێتان دەپاڕێمەوە، لەبەر عیسای مەسیحی خاوەن شکۆ و بە خۆشەویستی ڕۆحی پیرۆز، لەگەڵم تێبکۆشن لە نوێژەکان بۆ خودا لە پێناوی من " پۆڵس دەپاڕێتەوە کە لەگەڵیدا تێبکۆشن و نوێژی لە پێناودا بکەن مەبەست و هۆکار لەو بەرهەڵستیەی جیهانی خراپەکارەو ڕۆحە بەدکارەکانن کە

چواردەوری باوەڕدارانیان گرتوە وە بەهۆی سروشتی گوناهەی باوەڕدارانەوەیە پۆڵس بە شێوەیەکی تایبەتی داوای نوێژ دەکات لە پێناویدا بکرێت چونکە لەپێناوی ڕزگاربوونی بوو لەو بێباوەڕانەی ناوجەی یەهودیا کە جولەکە بوون و بەرهەڵستی توندی پۆڵسیان دەکرد بۆ هەر شوێنێك دەڕۆیشت ، پۆڵس حەزی بە شەهید بوون نەبوو بەڵام هەڵوێستی نەرێنی دەبینیەوە بەرامبەر بە خزمەتەکەی لەگەڵ نەتەوەکان ، کردار ٢١: ٢٠- ٢١ ؛ ڕۆما ١٥: ٣٢ ؛ مەتا ٢٦: ٣٩ ؛ یاقوب ٤: ١٣- ١٧ .

<u>هەنگاوی ٤</u>: <u>پەیڕەوی بکە</u>. **پەپڕەوکردن**

بیربکەوە : چی ڕاستیەك لەم بەشەی کتێبدا هاتوە دەشێ باوەڕداران بە شێوەی پراکتیك پەیڕەوی بکەن ؟

بەشداری بکەو بنوسە: وەرن پێکەوە بیربکەینەوە و هەندێ پەیڕەوکردن بنوسینەوە تەواو بکەین لە ڕۆما 15: ١- 33 .

بیربکەوە : ئەو پەیڕەوکردنە پێشنیارکراوە کامەیە کە خودا دەیەوێ بیگۆڕێ بە پەیڕەوکردنی کەسێتی ؟

بنوسە : ئەم پەیڕەوکردنە کەسێتیە بنوسە لە پەڕاوەکەتدا. بەشداری بکە بە ئازادی لەو پەیڕەوکردنە کەسێتیەی کە خودا داینناوە لەسەر دڵت.

(لەیادت بێت ئەندامانی هەموو کۆمەڵەیەك ڕاستیە جیاوازەکان پەیڕەودەکەن ، یان لە هەمان ڕاستیدا پەیڕەوکردن ی جیاواز دەردەهێنن . ئەمانەی خوارەوە هەندێ پەیڕەوکردنی پێشنیارکراون).

<u>١- نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی پێشنیارکراو لە ڕۆما 15: ١- 33 .</u>

15: ١- ٢ : هەوڵ مەدە بۆ ڕازی کردنی خۆت بەڵکو هەوڵ بدە بۆ ڕازی کردنی خەڵکی دیکە لە بەرگەگرتنی بیروبۆچونیان سەبارەت بەو شتانەی جێگەی مشتومڕ وجیاوازین وە هەوڵ بدە بونیادیان بنێیت .

١٥: ٤ : پەیمانی کۆن بخوێنەوەو لێکۆڵینەوەی لەبارەوە بکە چونکە ئەوەی تیایدا نوسراوە فێرکردنە بۆ باوەڕدارانی ڕاستەقینە وەکو خۆڕاگری و بەرگە گرتن وچەسپاوی و بەردەوامی ، ئەوەی خودا فەرمویەتی و کردویەتی لە ڕابردوودا دەبێتە هاندەرت .

١٥: ٥ : ئەوە بزانە کە یەکێتی کڵێسا بریتی نیە لە یەکێتی یەك کڵێسا بەڵکو نێوان کڵێساکان .

١٥: ٧ : پێشوازیکردن بریتی نیە لە ڕێگە دان بە گوناهە ، پێوەری باوەڕدار بۆ پێسوازی کەمتر نیە لەو شێوازەی عیسای مەسیح پێشوازی لێکردین.

١٥: ١٤ : گەشە بە توانستەکانتان بدەن لەپێناوی فێرکردنی یەکتر بڕوانە کۆلۆسی ٣: ١٦ .

١٥: ١٤- ١٥ : ئاگاداروهۆشیار بە لەوەی هیچ کاریگەریەکت نەمێنێت لەسەر خوشکوبرایانی دیکە . هانیان بدە لەڕێگەی وشەی دەستخۆشی و پیاهەڵدانی ڕاستەقینەوە ، وە نیعمەتی خودایان بەیاد بهێنەوە بە بەردەوامی.

١٥: ١٨ : خودا شکۆدار بکە لەوەی عیسای مەسیح کردویەتی لەڕێگەتەوە ، لەبری ئەوەی تۆ چیت ئەنجام داوە لە پێناوی عیسای مەسیح .

١٥: ١٩ – ٢٠ : ڕێگە بدە بە سیاسەتی پۆڵسی نێردراو کە مزگێنی ئینجیل لەو شوێنانە ڕابگەیەنیت کە پێشتر کەس تیایدا ڕاینەگەیاندوە.

١٥: ٢٤ : پلان دابنێ بۆ ئەوانەی لە ئایندەدا ئەنجامی دەدەیت بەڵام هەمیشە پلانەکانت ڕادەستی خودا بکە پەندەکان ١٦: ٣ .

١٥: ٢٧ : بە بەرەکەتە ڕۆحی و ماددیەکانت بەشداری خوشکوبراکانت بکە بەتایبەتی ئەوانەی پێویستیان هەیە لەم جیهانەدا .

١٥: ٣٠ : بەشدار بە لە تێکۆشان و خزمەتی باوەڕدارانی دیکە لە ڕێگەی نوێژ و پاڕانەوە لە خودا لەپێناویاندا .

٢. نمونە لەسەر پەیڕەوکردنی کەسێتی :

أ. دەمەوێت بەرگەی لاوازی باوەڕدارە لاوازەکان بگرم لە کڵێساکەماندا.

ب. دەمەوێ بەشداری خزمەت و تێکۆشانی خزمەتکارانی کڵێساکەمان بم لە نوێژکردن .

هەنگاوی ٥: نوێژ بکە **هاتنەدەنگ**

بە نۆرە نوێژ دەکەین ، هەریەکێك سەبارەت بە یەك ڕاستی کە خودا فێری کردین لە ڕێگەی ئایەتەکانیەوە لە ڕۆما ١٥: ١- 33 .
(بەدەنگەوە هاتنت لە نوێژەکەتدا بۆ ئەو شتەی فێری بوویت لە وانەی ئەم کتێبەدا). پرۆژە بکەن لەسەر نوێژی کورت کە پێکهاتبێ لە ڕستەیەك یان دوان . لە یادت بێت ئەندامانی هەر کۆمەڵەیەك دەکرێ نوێژ بکەن سەبارەت بە کاروباری جیاواز تر).

٥	**نوێژ** (٨ خولەك) **نوێژی داکۆکیکاری**

بەردەوام بن لە نوێژ لە شێوەی کۆمەڵەی دووانەیی یان سیانی . نوێژەکانتان بەرز بکەنەوە لە پێناوی یەکتر و لە پێناوی خەڵکی جیهان.

٦	**ئەرکی ماڵەوە** (دوو خولەك) بۆ **وانەی داهاتوو**

ڕابەری کۆمەڵەکە . ئەرکی داهاتوو بدە بە ئەندامانی کۆمەڵەکەت بە شێوەی نوسراو ، یان داوایان لێ بکە لە پەڕاوەکانیاندا بینوسن.
١- بەڵێن . بەڵێندان بە ڕاهێنانی قوتابیەکانی خوداوەند و بونیادنانی کڵێسای مەسیح و جاڕی موژدەی شانشینیی .
٢- وتاری ئامۆژگاری یان فێرکردن ، یان وانە دابەشکردن (لەگەڵ کەسێکی تر یان لەگەڵ کۆمەڵێکدا) ڕۆما 15: ١- 33.
٣- خەڵوەتی ڕۆحی . چێژ وەربگرە لە خەڵوەتی ڕۆحی لەگەڵ خودا و هەموو ڕۆژێك هاوکاری وەربگرە لە نیوەی بەشێك لە هۆشەع ٢ ، یۆئیل ٢ ، ئامۆس ٥ ، یۆنان ١ . باشترین شێوازی ڕاست بەکاربهێنە و تێبینیەکانت بنوسەوە .

٤- لەبەرکردن: ڕۆما 16: 17 . ڕۆژانە بەو ٥ ئایەتانەدا بچۆرەوە کە لەبەرت کردوون .
٥- فێرکردن : نمونەی " مەڕ و بزن " ئاماده بکە لە مەتا ٢٥: 31-46 دا هاتووە . سود ببینە لە شەش هەنگاوەکانی ڕێنمایی بۆ ڕاڤەکردنی ئەم نمونانەی هاتوون لە وانەی یەکەمدا .
٦- نوێژ. نوێژ بکە بۆ کەسێکی دیاریکراو یان شتێکی دیاریکراو لەم هەفتەیەداو تەماشا بکە خودا چی دەکات (زەبور ٥: ٣).
٧- تێبینیەکانت بنوسە سەبارەت بە بونیادنانی کڵێسای مەسیح . هەروەها ئەو تێبینیانە بنوسەوە کە پەیوەندیان بە کاتی خەڵوەتت لەگەڵ خودا و ئایەتەکانی لەبەرکردن و فێرکردن و ئامادەکاری یەوە هەیە بۆ هەفتەی ئایندە .